لە یادی 24 / 4ی بۆردمانی قەڵادزێدا
کەسوکار و بنەماڵەی شەهیدان بیرەوەرییەکانیان دەگێڕنەوە

ڕاپۆرت: هەمزە سەرحان - رانیە/ بەهاوکاری محەمەد ئیبراهیم و سابیر قادر

بەشی یەکەم

کارەساتی 1974/4/24 لەو کاتەدا گەورەترین کارەسات بوو بەسەر گەلی کوردا هات دوای ئەوەی کە رژێم لەجێبەجێکردنی بەندەکانی 11ی ئادار پاشگەزبۆوە، بەگەورەترین چەک و هێزی ئاسمانی هێرشی کردە سەر ئەم شارە و وێرانی کرد لەماوەی چەند خولەکێکدا چەندین شەهید و بریندار لێکەوتەوە

سی و یەک ساڵ بەر لەئەمڕۆ و لە ڕۆژی 1974/4/24دا لە کاتێکدا شار کشومات بوو کازیوە هێواش هێواش بەرەو کزی دەچوو و زانکۆش دەرگای ئاواڵە بوو بەڕووی قوتابیاندا سەرجەم چین و توێژەکانیش بە کۆمەڵێک حەز و خۆزگەوە بەرەو ئیش و کارەکانیان دەچوون کیژان و کوڕانیش سەرەتاتکێیان دەکرد لەگەڵ یەکتریدا بۆ ئەوەی جێژوانی ڕۆژێکی نوێ دابنێن و رازەکانیش بۆ یەکتری هەڵێژن لەم کاتانەدا پۆلێک فڕۆکەی مەرگهێنەر ئاسمانی شارەکەیان تاریک کردو ڕۆژە خۆشەکانیان لەسەرجەم دانیشتوان تاڵکرد، ئیدی شار شڵەژا، هەر ناپاڵم بوو دەهاتە خواری و ڕقی خۆی دادەباراند بەسەر کچان و کوڕان و پیرو ژنانی ئەم شارە، شاریان نوقمی خوێن کرد.

ئیدی لەو ڕۆژەوە هەمووساڵێک وەک نەریتێک بۆ ڕێزگرتن لە شەهیدانی ئەم کارەساتە هەموو دانیشتوانی شار پێکەوە ڕێچکەیان دەبەست لەناو شارەوە بەرەو گۆڕستان. دوای هەشت ساڵ بۆ یادکردنەوەی ئەو ڕۆژە لەڕێکەوتی 1982/4/24 شار خرۆشاو ڕق و تۆڵەی جەماوەر گەیشتە لوتکە، لەم ڕۆژەدا خۆپیشاندانێکی گەورەو جەماوەری سازکرا هێزەکانی ڕژێم وەک نەریتێکی خۆیان هەمیشە بەئاگرو ئاسن وەڵامی خۆپیشاندەرانیان دایەوە ئەم ڕۆژەش کۆمەڵێک لە کچان و کوڕانی قەڵادزێ شەهیدو بریندار بوون بۆ ئەوەی لە نزیکەوە کەسوکارو بنەماڵەی شەهیدانی بۆردومان و خۆپیشاندانەکەی قەڵادزێ بەسەر کەینەوە ئەم چەند دیدارەمان سازداو ئەوانیش بەم شێوەیە بۆمان دوان.

(ئازاد ئەحمەد) ناسراو بە ئازادی ئەحمەد مریەم کە کوڕی شەهیدە سەبارەت بەو ڕۆژە دەڵێ: کارەساتی 1974/4/24 لەو کاتەدا گەورەترین کارەسات بوو بەسەر گەلی کوردا هات دوای ئەوەی کە رژێم لەجێبەجێکردنی بەندەکانی 11ی ئادار پاشگەزبۆوە، بەگەورەترین چەک و هێزی ئاسمانی هێرشی کردە سەر ئەم شارە و وێرانی کرد لەماوەی چەند خولەکێکدا چەندین شەهید و برینداری لێکەوتەوە لەو کات و ساتەی ئەوسادا شۆڕشی مەزنی ئەیلول لە گوڕوتینێکی باشدابوو رژێم نەیدەزانی بەچ شێوەیەک خۆی لەو ڕێککەوتنامەیە بدزێتەوە کە کۆڕکی کێشەکانیش کەرکووک بوو، چونکە رژێم دانی بە کوردستانییەتی کەرکووک دانەدەنا بۆیە سەرکردایەتیی سیاسی کورد ئەو کاتیش و بارزانیی نەمر مساوەمەی لەسەر بستە خاکێکی کوردستان نەدەکرد، ناچار بوو کە شەڕ لە دژی رژێم دەست پێبکاتەوە.

مامۆستا عەبدولڕەزاق سەراج دەڵێ: ڕۆژی 1974/4/24 پەڵەیەکی ڕەش بوو بەناوچاوانی رژێمی بەعسی ڕووخاوەوە. قەڵادزێ مەڵبەندی حەوانەوەی شۆڕش بوو، لانەو پێگەی سەرکردەکان بوو، پەنایەکی زۆر بەهێزی پێشمەرگە بوو، ئەمانە هۆکارێکی زەق بوون بەوەی رژێم تۆڵەی خۆی لەم شارە بکاتەوە سەرکردایەتیی شۆڕش ویستی خوێندن لە کوردستان بەردەوامبێت، زانست ڕۆڵی سەرەکی هەبێت لە کوردستاندا، ئەوەبوو زانکۆی سلێمانی لەبەر چەند هۆکارێک گوازرایەوە شاری قەڵادزێ. لەم یادەدا داوا لە حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقی فیدراڵ دەکەین کە دەستی ئاوەدانکردنەوەو بیناکردن بۆ ئەم شارە درێژبکەن تا ئاسەواری کاولکاری و ڕووخانی پێوە دیارنەبێت و بۆ ئەوەی شیاوی خوێنی شەهیدانی 4/24 بێت و پێشنیاردەکەم ئەم یادە دووربێت لەدەست تێوەردانی تەسکی حزبایەتی چونکە ئەو کارەساتە کارەساتی سەرجەم گەلی کورد بوو هەروەک بارزانیی نەمر بەڕۆژی ماتەمینی گەلی کوردی ناوەزەد کرد. خەڵکی شارو شارۆچکەکانی تریش بەیەکەوە شەهید بوون بۆیە داوا لە حزبەکان دەکەم کە هاوکاری خانەوادەی شەهیدان بکەن هەروەها داوا لە پەرلەمانیش دەکەم کە سندوقێک دروست بکرێت بەناوی سندوقی شەهیدانی قەڵادزێ بۆ کۆمەککردنی خانەوادەی شەهیدانی قەڵادزێ.

ئەحمەد حاجی سابیر گوتی: ڕۆژی 4/24 ڕۆژی ماتەمینی گەلی کورده کەس بیری لەوە نەدەکردەوە کە رژێم بەو جۆرە، مامەڵە لەگەڵ میللەتی خۆیدا بکات. بەڕاستی کارەساتێکی زۆر زۆر ناخۆش بوو ئەو سەردەمەش قەڵادزێ ئازاد بوو تەنها پێشمەرگەی پارتی دیموکراتی کوردستان بە سەرۆکایەتیی بارزانیی نەمر کە زۆر هەوڵ و تەقەلای دا زانست و زانیاری لە کوردستان دوانەکەوێت، زانکۆی سلێمانی گوازرایەوە قەڵادزێ، و چەندین قوتابی زانکۆ لەو ڕۆژەدا شەهیدبوون لەوانە «ئازاد حوسێن» کە لەماڵی ئێمەدا شەهیدبوو لەگەڵ «قوبادی حەسەنی حاجی مەحمود و کاک نەوزاد» لەگەڵ چەندین قوتابی تر لەو ڕۆژەدا شەهیدبوون، چەندین تەلار و ماڵ و مەکتەب و خانوو بەسەر یەکدا رمان. کە هاتمە ماڵەوە من پێشتر لە بازاڕبووم هەموو خێزانەکەم کەوتووبوونە ژێر دارو پەردوو گەڕام سەرو قاچم دیتەوە هەموویم لەسەر بەتانیەک دانان و کردمنە ناو تورەکەیەک تەنها لە ماڵەکەی منداا11 کەس شەهیدبوون 9یان هی خۆم بوون (پێنج کوڕو سێ کچ و هاوسەرەکەم، دووانیان هی دراوسێکەمان بوون ماڵی مامۆستا مەلا بەکر) لەگەڕەکی ئێمە هەر ماڵەو پێنج شەش کەسی لێ شەهیدبووە دوای 10 ڕۆژیش هەر پارچە گۆشتمان دەدۆزیەوە کە لەژێر کەلاوەکاندا بۆگەنیان کردبوو.

هەر لەم یادەشدا داوا لە حکوومەتی هەرێم دەکەم هاوکارییمان بکات، چونکە من تاکو ئێستا نەمتوانیوە خانووەکەم خاوێن بکەمەوەو تا ئێستا بەکەلاوەیی ماوەتەوە.

خاتوو قومریە حاجی غەریب لە بنەماڵەی شەهید ڕەسوڵ مام ئەحمەد گوتی: بەیانی بوو ئێمە لەخەو هەستاین کاتێکمان زانی تەیارە هات ئیتر دونیا تاریک بوو نەمان زانی شەوە یان ڕۆژە بەڕاستی ڕۆژێکی ناخۆش بوو کەس بەکەس نەبوو ئێستاش زۆر خۆشحاڵم کە سەدام لە زیندانەو دارودەستەکەشی گیراون و حزبی بەعسیش لەسەر کار نەماوە.

خاتوو هەمین مەحمود قادر گوتی: بەیانی کە هەستاین تەیارەکان هاتن مەجال نەبوو خۆمان بشارینەوە کەچووم دایکم لەناو خوێنا کەوتبوو دواتر بردمان بۆ خانەقا پاشان لەگەڵ بریندارەکانی تر بەڕێیان کردن بۆ ڕەزاییە لە ئێران.

خاتوو ئامین مەحمود قادر بەشداربووی خۆپیشاندانەکەی 1982/4/24 سەبارەت بە ڕۆڵی قوتابیان گوتی: چەند ڕۆژێک پێش 4/24 قوتابیان خۆیان ئامادەکردبوو کە دەبێت یادی ئەو ڕۆژە بکەنەوە هەروەها چەندین لافیتە ئامادەکرابوو لەگەڵ چەند دروشمێک کە خەڵکی لەڕێپێوانەکە دەیانگوتەوە کە ئەمانەبوون :

* **بیست و چواری چوارە جێ کەڵپەی سەگی هارە.**
* **تانک و تۆپ و تەیارە ناترسێنێ ئەم شارە.**
* **هێزی گەل لە بن نایە. شەهیدبوون دکتۆرایە.**
* **دژی سیاسەتی تەعریبین. لەشاری خۆمان غەریبین.**

ڕۆژەڤ Rojev

عەبدولغەنی عەلی یەحیا

هەفتەی ڕۆشنبیریی نەتەوەیی کوردستانی گەورە

ئەمڕۆ، لەساڵیادی **107**مینی ڕۆژنامەی (کوردستان)بنکەی ڕۆشنبیریی (کاوە) بۆ یەکەم جار لەبواری کۆڕو ڤیستیڤاڵی ڕۆشنبیری کۆڕێک لە ژێر ناونیشانی (هەفتەی ڕۆشنبیریی نەتەوەیی) لە ئامێز دەگرێت. بەگوێرەی ئەو داوەتنامەی ئاراستەی روناکبیران کراوە، بۆ ئامادەبوون و بەشدار بوون لە هەفتەکە، روناکبیرانی هەرچوار پارچەی دابەشکراوی کوردستان، بەشداری لەم چالاکییە نەتەوەییەدا دەکەن، ئەویش چ بە ئامادە بوون یان بە وتار خوێندنەوە. بەرهەحاڵ ئەو هەنگاوە پیرۆزەی بنکەی ڕۆشنبیری ناوبراو، کارێکی نەتەوەیی گرنگە لەسەر ڕێگاییێکی ڕاست، درێژە بەو پێشەکییە نادەم و بەم بۆنە پیرۆزە ئەو خاڵ و پێشنیازانەی خوارەوە دەخەمەڕوو بەو ئومێدەی جێگای ڕەزامەندیی خوێنەران بێت.

1- (هەفتەی ڕۆشنبیریی نەتەوەیی) بکرێت بەداب و نەریتێکی ڕۆشنبیریی نەتەوەییانە، ساڵانە سازبدرێت، بەیارمەتی و پاڵپشتی حکوومەتی کوردستان، بنکەی ڕۆشنبیریی کاوەش راپیەڕێنێ ساڵ لە دوای ساڵیش دەوڵەمەند بکرێت، حزب و لایەنەسیاسییەکانیش گرنگی پێ بدەن، عەرەب جاران (بازاڕی عوکاز)ی پێش زیاتر لە **1500** ساڵ بۆ شیعرو شاعیرانی خۆی هەبوو پاشان مەربەد شوێنی (عوکاز)ی گرتەوە، دەبا ئێمەی کوردیش هەفتەی ڕۆشنبیریی نەتەوەییمان بکەین بە مەربەدی کورد دوا هەفتەی هەموو نیسانێکیش بۆ ئەو هەفتە نەتەوەییە تەرخان بکرێت.

2- بەچاکیش دەزانین، هەر بەم بۆنەیەوە لیژنەیێک یان دەزگاییێک بۆ قەلاچۆکردنی نەخوێندەواریی و نەفامیی نەتەوەیی (محو الامية القومي) چونکە بەراستی نەفامییێکی نەتەوەیی لە ناو کۆمەڵگاکەمان هەیە کە پێویستی بە قەلاچۆکردن هەیە، بە تایبەتیش لە باشووری کوردستان، ئەگینا چۆن تا ئێستا پڕۆگرامەکانی خوێندن و کتێبخانەکانی قوتابخانەکانیش کە هەندێکیان گوزارشت لە ئەیدیۆلۆژییەتی شۆڤێنیی عەرەب دەکەن بە حەرفی و تووتیانە پەیڕەو دەکرێن، تائێستا کەسانێکی نەفام ناوی سەردەمی نەفامی - جاهلیە- عەرەب بۆ منداڵەکانیان هەڵدەبژێرن.

3- لەزۆربەی شارو شارۆچکەکانی کوردستان بە تایبەتی لە ناوچەکانی تازە ئازادکراوی باشووری کوردستاندا ناوو ناونیشانی کۆگاو کارگە و دائیرەکانی حکوومەتیش بە زمانی عەرەبییە ئاشکراشە ئەو کارە زۆر بە ئاسانی جێبەجێ دەکرێت.

4- ڕۆژنامەی (کوردستان)یش سەر لەنوێ دەربکرێت بەمەرجێ دەستەی نووسەرانی لە روناکبیرانی هەرچوار پارچەی کوردستانی گەورە و شوێنی دیکەش پێکبێت، ئەو ڕۆژنامەیە بۆی هەیە، ئەگەر هاتوو بگاتە هەموو شوێنەکانی کوردستان ڕۆڵێکی بەرچاوی لەپێناو هێنانەدی کوردستانی گەورە ببینێ.

5- هەوڵبدرێت ورده ورده پەیڕەوی حەرفی لاتینی بکرێت.

کەبات
XEBAT
ڕۆژنامەیەکی سیاسی ڕۆژانەیە- ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستان

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سەرنووسەر
نەژاد عزیز سورمێ
Tel: 2221373
E-mail: nazhad@xebat.net

سکرتێری نووسین- (ڕووداو و پێشهاتەکان)
کەریم قادر
Tel: 4535329

دارێژەری هونەری
شکار نەقشبەندی
Tel: 4460980

بگۆڕ: Tel: 2262672
fax: 2224486

کارگێڕی و دارایی: Tel: 2230035

دهۆک : Tel: 7222053 - Tel- fax: 7221499

کەرکووک: Tel: 219612

سلێمانی: 07701491055 - 1124578

زاخۆ: Tel- fax: 7330363

ناونیشان : پایتەختی کوردستان
تەنیشت سەرۆکایەتی زانکۆ